# هێرشی لەشکرکێشی تورکیا ڕسوا دەکەین!




ئەمڕۆ لە وڵاتی نەرویج کوردەکان لە خۆپیشاندانێکدا ڕژانە سەر شەقام بۆ دژ بە لەشکرکێشی تورکیا.خۆپیشاندەران چونە بەردەم پەرلەمانی نەرویج و لەوێشەوە بۆ بەردەم وەزارەتی دەرەوەی نەرویج و لەوێشەوە بۆ بەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. زیاتر لە 1000 هەزار کەس لەم خۆپیشاندانەدا هاوبەشی کرد، هەموو حیزبە سیاسیە کوردستانیەکان و زۆربەی زۆری ڕێکخراوە مەدەنی و جەماوەریاکان بەشداری جدیان کرد. لەو ڕێکخراوانە کە بەشداری بە جدی کرد ناوەندی چاک لە نەرویج بوو کە نوێنەری ناوەندی چاک وەک پیشەی هەمیشەیی دەسپێشخەری کردوە لەم جۆرە خەباتانەدا ، بەتایبەی لە کاتێکدا کە باشوری کوردستان لەبەردەم هێرشی لەشکرکێشی تۆرانیەکاندایە، بۆیە هاوخەباتگێڕانی ناوەندی چاک لە هەموو وڵاتان دەستپێشخەرن لە ڕسواکردنی ئەم هێرشە ناڕەوایەدا.

شایەنی باسە ئەم خۆپیشاندانەی ڕهەندی کورد لە نەرویج بە سەرپەرشتی هەردوو ڕێکخراوی مافی مرۆیی کورد و گەنجانی پارتی کاری نەرویجی چوو بەڕێوە، ئەم پارتە سیاسیە یەکێکە لە پارتە گەورەکانی وڵاتی نەرویج و ئێستا لەسەر حوکمن و سەرۆکی وەزیران لەم پارتەیە.

پەیامی ئەم دوو ڕێکخراوە ئەوە بوو، کە تورکەکان بە تەنها خۆیانن!! کە خۆپیشاندان دەکەن دژ بە کورد بەڵام کوردەکان بە هاوبەشی

نەرویجیەکان خۆپیشاندان دەکەن دژ بە لەشەکرکێشی تورکیا، ئێمە نەک هەر هاوبەشیتان دەکەین بەڵکو بە دڵ لەگەڵتانداین.




ئێمە وەک ناوەندی چاک بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە سوپاسی بێپایەنی خۆمان بۆ هەموو بەشدارانی ئەم ڕێپێوانە ڕابگەیەنین بە تایبەتی بۆ نەرویجیە بەڕێزەکان و هەردو ڕێکخراوی مافی مرۆیی کورد و گەنجانی پارتی کاری نەرویجی.

www.chak.nifo
chak.norge.yahoo.com